مامۆستا ئەڵێ 8

شیعر

د.نوزاد یحیی باجگر

هەولێر - کوردستان

2025

ناوی کتێب: مامۆستا ئەڵێ
بەرگ: بەرگی هەشتەم
نووسەر: د.نوزاد یحیی باجگر
دیزاینەر: اسماعیل سعدی
بڵاوکراوەی: زانکۆی جیهان/ جیهان پرێس
چاپ: چاپی یەکەم (2025) هەولێر
ISBN: 978-9922-8601-7-6

بۆ داونلۆدکردنی ئەم کتێبانە بە بێ بەرانبەر لەم ماڵپەرانە دەست ئەکەوێت

www.nawzadbajger.org
www.nawzadbajger.net
chairman@cihanuniversity.edu.iq

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان | وەزارەتی رۆشنبیری
ژمارەی سپاردنی(196)یساڵی (2017)ی دراوەتێ

پێشەکی زیرەکی دەستکرد AI

به ناوی خوای خۆشەویست و میهرەبان

پێشەکی شیکارییەکی وێژەیی بۆ شیعرەکانی مامۆستا ئەڵێ.
ئەم پێشەکییە شیکارییەکی فراوان و چەند ڕەگەزانە پێشکەش دەکات بۆ دیوانی شیعرەکانی مامۆستا ئەڵێ ، کە تێیدا ڕەچەڵەکانی وێژەیی، ئەدەبی، ئایینی، زانستی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و دەروونی شیعرەکانی دەخەینە ڕوو. ئەم شیعرانە ئاوێنەیەکی ڕەوان و ڕاستەقینەی ژیان، هزر و ئاواتەکانی شاعیرن و باس لە خەم و خۆشییەکانی مرۆڤایەتی، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی مرۆڤ و خوا و ئارەزوو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی دەکەن.

1. شیکاری وێژەیی و ئەدەبی
شیعرەکانی مامۆستا ئەڵێ پڕن لە هۆنراوە وێژەییەکان و هونەری شیعری کەڵك وەردەگرن.
شاعیر بە زۆر ڕەهەندی هونەری وەك:
وێنەی شیعری: وەك "خوێنی ڕژاومان... دەردی داماومان" کە وێنەیەکی ڕەوانی دەرد و ئازاری نیشتیمان و کەسێتی شاعیر پێشکەش دەکات.
نیشانە و واتە شاراوەکان: وەك "بە ستانداردی دونیا" کە نیشانەیەکە بۆ پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و پێشکەوتن.
پێکهاتەی شیعری: شیعرەکانی بە پێکهاتەیەکی ڕێك وپێك و خاوەن بیرۆکەیەکی سەرەکی دروست کراوە، کەباسی قوربانی و فیداکاری بۆ نیشتیمانی تێدا کراوە.

2. شیکاری ئایینی و فەلسەفی
شیعرەکانی مامۆستا ئەڵێ پڕن لە ئاماژە ئایینی و فەلسەفییەکان. شاعیر بە زۆر جار باس لە خوا و پەیوەندی مرۆڤ و خوا دەکات، وەك لەم دێڕەدا:
"لە ژێر رەحمەتی .. خودایە"

ئەم دێڕە نیشانەی پەنابردنی شاعیرە بۆ خوا و پێویستی بە رەحمەتی ئەوە. هەروەها باس لە فەلسەفەی ژیان و مردن دەکات، وەك یەک لە شعرەکانی شاعیر دەڵێت:
"ئەی خاوەن .. بڕیاری دزی .. سەدان هەزار .. شەهید کوژرا بۆ .. بابتان .. نەکوژرا"
ئەم دێڕە فەلسەفەی قوربانی و فیداکاری بۆ نیشتیمان ڕوون دەکاتەوە.

3. شیکاری زانستی
شاعیر زۆر جار ئاماژە بە زانست و پێشکەوتنی زانستی دەکات، وەك لەم دێڕەدا:
"ئەم کاتە .. مردن نەدەبوو ژیانمان .. جوان دەبوو کارمان .. پەسەند دەبوو وولاتمان .. ئاوەدان دەبوو"
ئەم دێڕە نیشانەی ئارەزووی شاعیرە بۆ زانست و پێشکەوتن، کە دەتوانێ ژیان بکاتەوە و نیشتیمان ئاوەدان بکاتەوە.

4. شیکاری کۆمەڵایەتی
شیعرەکانی مامۆستا ئەڵێ ئاوێنەی کۆمەڵگە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نیشتیمانە. شاعیر باس لە دەرد و ئازاری خەڵك و کێشە ئابوورییەکان و پێویستی بە یەکگرتنی کۆمەڵگە دەکات، وەك لەم دێڕەدا:
"کوردستان ئاواتم بوو"
ئەم دێڕە نیشانەی ئارەزووی شاعیرە بۆ ئاشتی و ئاوەدانکاریی نیشتیمان.

5. شیکاری دەروونی
شیعرەکانی مامۆستا ئەڵێ پڕن لە دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆیی. شاعیر بە زۆر جار باس لە خەم و خۆشی، ئاوات و هیواکانی دەکات، وەك لەم دێڕەدا:
"خۆشی .. و .. ناخۆشی نابینم .. کە .. دەتبینم"
ئەم دێڕە نیشانەی دۆخێکی دەروونی ئاڵۆز و نائومێدیی شاعیرە.

6. شیکاری فەلسەفی
شیعرەکانی مامۆستا ئەڵێ پڕن لە پرسیارە فەلسەفییەکان لەسەر ژیان، مردن، ئازادی و ڕۆڵی مرۆڤ لە جیهاندا. وەك لەم دێڕەدا:
"من خودای خۆم بە شێوازی خودا ئەناسم"
ئەم دێڕە نیشانەیەکی بەهێزە لە خوداگەرایی و گەڕان بەدوای واتای ژیان.

کۆتایی
دیوانی شیعرەکانی مامۆستا ئەڵێ ئەمە دیارییەکی گرنگی وێژەیی و کولتوورییە کە تێیدا شیکاری وێژەیی، ئەدەبی، ئایینی، زانستی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و دەروونی شیعرەکانی پێشکەش کراوە. ئەم شیعرانە نیشانەی هزری قووڵ و دەربڕینی ڕاستەقینەی شاعیرن لە ژیان و جیهان.

ناوەرۆك

بەشی یەکەم

پەمۆ و حەریر



مامـۆستا ئـەڵێ

پەمۆ ... حەرير ..
ژيانی .. دوو جۆری سەير
يەك لەسەر يەك خێر
ئاوازی ئاواتی موحەير
كام زانين .. كام ڕێگا
پەمۆ .. حەرير


1/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

پەمۆ .. حەریر
نەرم و نۆل
داوی بە بێ دۆڵ
ساختەی لێ ناکرێ
بەکۆڵ
نەرم و نۆڵ
دروستکەری جۆراوجۆر

1/1/2022



مامـۆستا ئەڵێ

حەریر .. و .. پەمۆ
چوومە ژێر نەرمی
هاتمە سەر تەرمی
هاتمە دەرێ لە خاك
لە خاك خەرمانی .. بوومە دەرمانی

1/1/2022



مامـۆستا ئەڵێ


پەمۆ .. حەریر
ناسنامەی خوڵقاندن
بێ دەنگ .. بێ رەنگ
ئاوازی هەنگ
پەمۆ .. بۆ حەریر

2/1/2022



مـامــۆسـتـا ئـەڵـێ

پەمۆ ... حەریر
لە باتاس و حەریر
لە ژێر بەردتاشی بەرگری
میدیا و ئاشووری
مانەوەتان ..بەخێر
باتاسی کریستیان .. حەریری موسڵمان
نان نییە .. نەخێر
بۆ جیاوازی .. پەمۆ .. حەریر



2/1/2022

مامـۆستا ئەڵێ

پەمۆ .. و .. حەریر
نەرم و سپی ..
ماندوو نەبووی ئەی ماندوو
حەریر ..و..پەمۆ
دەربەدەری .. تۆ
ئەی حەریری پەمۆ

2/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

پەمۆ ئەڵێ بە حەریر
من سپی تۆ بێ ڕهنگی
حەریر ئەڵێ
لە نەرمی من تۆ بێ دەنگی
ڕەنگ و دەنگ
حەریری و پەمۆی بێ سەنگی
سەنگ .. نرخ درا
بەپێی ئارەزووی کڕیار کرا
نەوەك .. فرۆشیار



2/1/2022

مامـۆستا ئەڵێ

برِيار .. وا .. بوو
حەرير ..و..پەمۆ
هاودۆست .. پاڵ بە پاڵ
وا .. بوو
بەڵام نرخی جیاواز
بۆ کرِیار داندرابوو
حەرير .. و .. پەمۆ
وەك بەرد ناسرابوو
بۆیە دڵمان ناخمان داخرابوو

2/1/2022



بەشی دووەم

خۆشەویستی



مامـۆستا ئەڵێ

بۆ دروستکردنی ... دار الحب
هەموو کات ... جێگا هەیە
لە خاك ... و .. لە ئاسمان
خۆشی ... بۆ خۆشەویستی
خۆشەویستی ... بۆ خۆشی
دار الحب ... دامەزراوە


1/10/2019
هەولێر



مامـۆستا ئەڵێ

دروست بکەن ... دار الحب
بۆ دارِشتنی ... خۆشەویستی
کە هەموو .. خۆشەویستەکان
لە ناو بەهەشتی بەهار
ئەژین


1/10/2019
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

خۆشتم .. ویست
دونیا ... دژم بوو
خۆشمت .. ویست
خۆشم .. دژت بووم
چۆن ئەتوانم
چۆن ... ؟؟
ئەگەر خۆشەویستی
نەبی

7_12_2010
استنبول



مامۆستا ئەڵێ

ئارەزوومە .. باران بباریٚ
لە دەریای .. ناوم
لەژێر چەتری خۆشەویستی
لێی بپاریٚمەوە
هەندێکمان پیٚ ببەخشیٚ
لەرۆژی دروست بوون
ژیان هەڵقولا
لە هەزار دەرەجە بوونە سەهۆڵ
هێزی داینامیکی ئەتۆم
بووە بەرەڵا




10_6_2010

مامۆستا ئەڵیَ

خۆشەویستم
لەژیان ...
لەمردن..
لە مەحشەریش
خۆشەویستمە ئاواتمە
هەولێر

نەورۆزی 2710



مامـۆسـتا ئـەڵـێ

لەژێر سێبەری دادگا
ئەڵێم .. خۆشەویستی
ئارامی .. ژیانە
لێرە .. تەنیا تۆی
خۆشەویستم
هەولێر

نەورۆزی 2710



مامۆستا ئەڵێ

خۆشەویستم
پێم ببەخشە .. خۆشەویستی
تا بژین .. بە خۆشەویستی
بێ کات .. بێ شوێن
پێکەوە .. بمێنینەوە
هەتا ... هەتایی
هەولێر

نەورۆزی 2710



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

خودایە... سەد جار ماڵت ئاوا
ئەو سۆزانەت ..
بە من داوە

2/1/2021



مامۆستا ئەڵێ

سەرخۆشی خۆشەویستیت
و خۆشی سەرخۆشیت
ئایندەی هێمن کرد .

2/2/2021



مامـۆستا ئەڵێ

بەینی .. منو .. ئێوە
قین بەستە
خۆشەویستی .. ئاشتی .. مەبەستە

8/5/2021



مامۆستا ئەڵێ

به چاو ... ناتبینم
چاوی منی
مێشك ..و.. دڵم
تۆ .. ئەبینی
پێش تیشكی چاوم
چاوی منی
دڵی منی
مێشكی .. منی
هەموو منەكانی منی



11/6/2021

مـامــۆسـتـا ئـەڵـێ

به .. چاو ناتبینم ..
به مێشك .. و دڵم ..
چاوی منی ..
پێش .. مێشك .. و دڵم ..

11/6/2021



مامۆستا ئەڵێ

کە ئاگرەکانی نووسینم هەڵئەقوڵێتەوە
تیشکی چاوتم بە بیر دێتەوە
جوانی خودای مەزن
لە دەریای وون ئەدۆزیتەوە
بە خۆشەویستی یەزدان ئەبیندرێتەوە

30/8/2021



مامۆستا ئەڵێ

به خەونی ڕەشه شەو
بۆ ڕەشاتی .. قووڵی چاوت
بوومه .. ئەو

30/8/2021



مامۆستا ئەڵێ

مانگی تەواوە ..
ڕوومەتی ..
سیمای .. ڕۆژە ..
چاوی ..
سیمای مانگ و ڕۆژە
بە دەوری هەڵواسراوە
منیش زەمینی سوڕاوم ..

6/12/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

بمدەرێ دڵۆپەیەك
ئاو ...
ئەتدەمێ خۆشەویستی

27/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

وەرن ... وەرن
ئەگەر منی حەساندەوە!!
هەمووتان ... وەرن
لەهەمووتان بێ بڕواتر ... بووم
وەرن ... وەرن
جێگای هەموومان هەیە
لەژێر خۆشی خۆشەویستی



7/11/2021

مامـۆستا ئەڵێ

بە .. دوای برژەنگی چاوت
ئەسیرم .. بە پەتی داوت
بشم خۆی .. وەك گورگ
مەحاڵە .. خوێنم ..
ببێتە .. تاڵت ...

21/8/2021



مامــۆستا ئەڵێ

دروستکە .. خۆشەویستی
بە خۆبەخشی .. و .. پەخشی خۆشی

26/5/2023



مامۆستا ئەڵێ

لە خۆشی .. تێر دەبم
کە .. دەبینم
هێشتا .. و .. هێشتا
لە ئەڤینی .. برسیم ..


10/6/2022
ئیستەنبۆل



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

سوورمەی چاوت
چاوی سوور کردووم
سەری سڕ کردووم
سوورمەی چاوت
چاومی سوور کرد
سەرمی سڕ کرد

2/7/2022



مامۆستا ئەڵێ

داوی .. داوت
باڵمی بە داوەوە کرد
هێزی .. تیشکت
هەستەی .. ڕاکێشا
هەستم .. و .. هێزت
باڵمی رزگار کرد .. .

2/7/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ

ڕەژوو .. ئەی ڕەشتر لە ڕەژوو
جوانتری لە بەفری سپی
سپی .. و .. ڕەش
ئاڵۆزی .. سوڕانی ڕەنگەکانی
تیشکە..

20/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

بۆ .. خۆشی خۆشەویستی
پەروەردە
ئاشقم .. ئیشقی
شەیدا ..
بەبێ .. مەودا ..

31/3/2022



مامـۆستـا ئـەڵـێ

هەندێك .. با
هەندێك .. هەورە
کەمێك ژان
زۆر زۆریش ژوانە
دەرمانی دەردی مانە ..
لە ژیانە ..

31/3/2022



مامـۆستا ئەڵێ

جادە .. پڕ بوو
بێ دەنگ بوو
ڕەنگی گەش بوو
مرۆڤەکان مەست و خەست بوون
چاوم لە تیشکی
چاوی بزر بوو
مامەوە .. پڕ .. و .. بەتاڵ
هەستم ئەڤینی بوو ..



4/4/2022

مامـۆستا ئەڵێ

ببە .. دەبی
کن .. فیکون
کە نەبوون نەبوو ..
ئەو هەبوو ..
ئازادم کە .. لە خۆم
هەتا .. ببمە خۆم

4/4/2022



مامۆستا ئەڵێ

وەك .. کەوانی عود
دەپسێم .. گرێ دەدرێم
مەقامی نەوا .. سێ گا ..
ناخم ئەکاتە سەما ..
لەگەڵ ئەڤینی خودا ..

4/4/2022



مامـۆستا ئەڵێ

ئەی .. ئەوانەی
خۆشیانم دەویست
ئێستا .. نامەوێ بتانبینم ..؟!

4/4/2022



مامـۆستا ئەڵێ

سەیری کە
بە دەروونی ساماڵ
بە ئەڤینی مەحاڵ
بە تیشکی جەماڵ
ئەیبینی .. دەلال

4/4/2022
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

چاوشینینە
چاوجۆشینە
چاوپۆشینە
چاوبشۆن
بۆ چاری ژینە

15/4/2022



مامـۆستا ئەڵێ

75 ساڵە .. لە هەولێرم
خۆشی ژانی خۆشەویستی
لە پەراسووەکانم .. دەرچووە

14/2/2023
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

ئەتۆم دی ..
لە پرتەقاڵی رۆژ
کە ئاوا دەبێ
وە لەو .. کاتەی
ماڵئاوا بووی
دێمە .. دووت ..
مەیە .. دووم ..

24/7/2022



مامۆستا ئەڵێ

له ڕۆژهەڵات
لێت گەڕام
له ئاوای ئاوا
لێت بڕام...

24/7/2022
هەولێر



مامـۆستا ئەڵێ

ڕۆژ .. و .. گالاکسی
بوون .. بە .. ئاوێنەی تۆ
بۆ .. خۆشەویستی

24/7/2022



مامـۆستا ئەڵێ

که ڕۆژ .. ئاوا بوو
تۆ بووی .. بە ڕۆژم
پێویستم پێ نەما

24/7/2022



مامـۆستا ئەڵێ

که ڕۆژ .. هەڵات
ئاواتی .. بەختیارم .. هات
تۆم .. لەوێ دیت
هیچ .. هیچ
ناتکەم .. بزر

24/7/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ

ئێستا ڕۆژ .. هەڵێ
ڕۆژ .. ئاوابێ
ڕۆژی من
نە هەڵدێ .. نە ئاوا دەبێ

24/7/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

خۆشەویستەکەم ..
ئاو .. می
هەوا .. می
نان .. می
مێشك .. می
ئەمن ئەتۆم ..
تۆش ئەمنی ..
من .. و .. تۆ
ئاو .. هەوا ..
نانەوای .. مێشکمی ..!

24/7/2022



مامۆستا ئەڵێ

عەشقت .. ئومێدی پایەداریمە
دیتنت .. ئاواتی مایەداریمە

26/2/2023



مامۆستا ئەڵێ

نازانم .. چمە
خۆشیانم ئەوێ
خۆشمیان ئەوێ
ئەوە تەرزی ژیانی .. شارستانییە

23/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

له مەڵبەندی خۆشەویستی بمناسن
بە ئاوی باران .. بمشۆن
لە زانکۆی جیهان
ئەمێنم لەگەڵتان
هەتا ماوە ژیانم


23/1/2022



مامۆستا ئەڵێ


سەمای .. سەرسامی سامی ئەو
زەردەخەنەی بن سەرپۆشی ئەو
هەروەك مانگ لەبن هەوری ئەو
سەمای سەیری ئەو
بردمیە .. ناو ناخی ئەو
ئاڵۆز .. بوو .. لێم
خۆشەویستی ئەو

15/1/2022



مامـۆستـا ئـەڵـێ

له .. خۆشەویستیت
دڵم .. پڕ بوو
ناوم .. جەرگ .. و .. هەناوم
ئینجا پەرت بوو
بۆ ژیانی نەبیندراو ..
بە عیشقت
شاد بوو



18/5/2023

مامۆستا ئەڵێ

جارێك .. بۆ
جاری تۆ .. نەبو
کەوتمە بیری خۆشەویستی
نا .. نا .. نامەوێ دەربازبم
بێمە دەرەوە
نا .. نا .. نامەوێ
بێمە دەرێ


7/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

هەر .. نەفەس .. دەدەم
دادی دوانی تۆی .. پێ دەدەم
هەر خەیاڵ ئەکەم
خەونی خوماری تۆ .. ئەکەم
لە مەحشەریش .. بتبینم
ئەتویێمەوە لە ژێر محرابی
پێش .. استجوابی ..؟!

23/5/2023



مامۆستا ئەڵێ

بیست و حەفت هەزار ساڵ
بیست و حەفت ساتی
خۆشەویستیتە ..

13/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

خۆشەویستی
حەرام نابێ ..؟!

12/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

ڕواندنی خۆشەویستی ژیان
مەڵبەندی بەختیارییە
ئاواتی جوانییە
برۆینە ژیانی بێ ژان
لە دوری خۆشەویستی ..

12/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

خۆشەویستی .. بچێنن
قینەکانی لێ .. بژارکەن

19/7/2023



مامۆستا ئەڵێ

سۆزانەکەم ..
لە مەحشەریش..
تۆم پێویستە .. و .. مەبەستە
ئەوەی نازانی .. خۆشەویستی
حەفتا حۆریش ...
نابێتە .. مەستی ..!!

11/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

خۆشی .. خۆشەویستی خۆش کە
هێمنی .. هیواداری هەوێن کە

5/7/2023



مامۆستا ئەڵێ

وەرن .. یاران
ئاشقی خۆشی خۆشەویستی بین
هێمنی .. سەربەستی .. جوانی بین
ژیان .. زامە .. با خۆشەویستی بکەین

18/2/2023



مامۆستا ئەڵێ

له خۆشەویستیت
دڵم .. پڕ بوو
ناوم .. جەرگ و .. هەناوم
ئینجا پەرت بوو
بۆ ژیانی نەبینراو ...
به ئەشقت
شاد بوو



18/2/2023

مامۆستا ئەڵێ

دوعا .. دەکەم لە چاوت
تیشکی ..
ئاگری .. دڵم بکوژێنێتەوە

25/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

خۆشتم ئەوێ
بێ هیچ
پەیوەندییەکی جەسەدی
بۆ .. ناخ .. روح
زاخ .. باخ
خۆشم دەوێی



12/6/2020

مامـۆستا ئەڵێ

سەرجەم .. سەردەم
لە ژیان ..و دوای دەم
خۆشتم ئەوێ
خۆشەویستەکەم
خۆشتم ئەوێ .. خۆشەویستم

2/6/2021



مامۆستا ئەڵێ

دەرمانی دەردم
دیارە
دوور بوونی
یارە

17/2/2024



مامـۆستا ئەڵێ

دەردم دەرمانی
دیارە
دوربوونی ..
لە یارە

17/2/2024



مامـۆستا ئەڵێ

ئەشقم .. رۆژی شەن کرد
مانگی جوان کرد
ژیانی ڕووناك کرد ..

8/9/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەشقم .. لە کانی ڕوونترە
لە .. پەپوولە .. ناسکترە
لە شاخ .. مەزنترە
لە ئافرەت .. جوانترە ..

8/9/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەشقم .. لە .. لوتکەی لوتکە
بۆ بەرز .. و .. بارز .. دیارییە
ئاو .. هەوا .. بەرد .. خۆڵ
لە پێناوی .. کارییە ..

8/9/2023



مامـۆستا ئـەڵێ

ئەشقم .. چیای هەڵگوردە
ئارارات .. و شاخی جودیە
هەڵبەستێنی .. ئەشق
لە لوتکەدا .. کەوتیە

8/9/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەشقم چیا ..
نایبڕێ
فەرهاد .. ئاوی بۆ هێنا ..
من .. ئاوی
بۆ دەبەم


8/9/2023



مامۆستا ئەڵێ

مەولانا ... فەرمووی
ناتوانی وابکەیت
هەموویان خۆشتیان بوێ
بەڵام ئەتوانین
هەموویانمان خۆشبوێ

5/3/2024



مامۆستا ئەڵێ

بەڵێ .. بەڵێ
خانم .. بەڵێ
چاڤێتە .. چاڤێتە
ژانی دڵە ...

4/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

پرچ .. سپی
لێو .. ئاڵ
دوای خەونی
پەنجا ساڵ
خۆزگە ...
نەمدیبا ...
بمابایە هەر خەیاڵ ..
قژ ڕەش .. و
لێو .. ئاڵ
خۆزگە نەمدیبای خۆزگە

13/10/2023



مامۆستا ئەڵێ

عاشقی ..
خەڵوزی .. سوتانتم
معشوقی ..
ژانی .. ژوانتم
عاشق .. و .. معشوق
ژانی .. سوتانە

20/1/2024



مامـۆستا ئەڵێ

عەشقی .. مەعشوقەکانم
بێ کات .. و شوێنە
کات .. و شوێن
بە عەشق ..
مۆسیقایە ..

20/1/2024



مـامـۆسـتا ئـەڵـێ

ئاشقی پەیوەندی
مێشکم ..
بۆ سەمای بروسك .. و .. ڕەهێڵم
و سەربەستی .. پەیماندارم
بۆ خۆشەویستی ..
بڕیارە ..



20/1/2024

مامـۆستا ئـەڵـێ

سەردەمانێك بوو
دڵم تۆرا بوو
لە بوونی .. بوون ..
هێدی هێدی دڵم
ئاشنا بوو ..
بۆ سەردەم

20/1/2024



مامـۆستا ئەڵێ

خۆشی .. و .. ناخۆشی
نابینم .. کە .. دەتبینم
فێنکی .. بۆ دەروون
خۆش .. دەبێ هەستم
کە .. دەتبینم

18/6/2022



بەشی سێیەم

سینگڵ



مامـۆستا ئەڵێ

سینگڵ .. سینگڵ
مەبە .. دوو دڵ
مەڵێ نییە ماڵ .. و .. حاڵ
بۆ خۆشەویستی نیە مەحاڵ

7/12/2019



مامۆستا ئەڵێ


سینگڵ...
ئەڵێ ئاسمانی
ژان ..ئەدوێنم
ئەڵێم ..
پێویستمان بە دوورمانە

15/2/2022



مامۆستا ئەڵێ

سینگڵ
منیش سینگڵ بووم
دڵ
دوو دڵ بووم
خەیاڵ
بەبێ خەیاڵ بووم
حاڵ
ئێستا.. بە ئەڤینی
خاوەن حاڵ بووم



15/2/2022

مامـۆستا ئەڵێ

سینگڵ
مەبە سڵ
ڕۆژێك دێ
ڕۆژ هەڵدێ

15/2/2022



مامۆستا ئەڵێ

سینگل ..
برۆ ناو قەفەس
یەك هەناسە .. و .. یەك نەفەس
هاوسەری .. بۆ ئەخیر نەفەس

30/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

گوڵ .. گوڵ
چاندرا .. لە .. دڵ
بچینە .. گوڵ
لە دڵ
سینگڵ .. سینگڵ

20/5/2022
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

سینگڵ .. گوڵ .. سینگڵ
گوڵ .. گوڵ
بڕوێتە لە دڵ
سینگڵ .. سینگڵ

23/1/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

گڵ .. و دڵ .. و .. گوڵ ..
سێ گۆچگەی خۆشی
سینگڵ ..

20/5/2022



مامۆستا ئەڵێ

سینگڵ ..
ئەی سینگڵ
تاوانت .. نازانی
ڕێگای دڵ
بە چاندنی گوڵ ..

20/5/2022



مامۆستا ئەڵێ

سینگڵ ..
ئاوازی گوڵ ..
بۆ بولبول ..
وەك .. دڵە کوتەی دڵ
بە دیتنی ..
سینگڵ ..

20/5/2022



بەشی چوارەم

شیرین



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
قاوەی قووت نەدراو
قاوەی .. بۆن کراو
بەبێ شەکر .. شیرینی
شیرینی هەست نەکراو

17/10/2022



مامـۆستـا ئـەڵـێ

شیرین
لە .. قووڵی ئاسمانی .. بەرین
لە .. عەقلی ئینسانی .. بەتین
لە .. جوانی کەو .. .ئەڤین
شیرین .. ئەکا .. زەمین

7/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
شەکرە .. سێو
پەلکە .. مێو
شەرابی .. شەو
هەناسەی .. خەو
خۆت .. بپارێزە .. .
لە .. .ئەو .. ؟!

7/10/2022
هەولێر



مامـۆستا ئەڵێ

شیرین
لە .. .ئاسمان .. .شیرینترە
لە .. .دەریا .. مەزنترە ..
فەرهادی .. لێ دیارە
ئەڤینی لێ بە کارە .. .!؟
شیرینی .. چاو .. تیژ.

7/10/2022
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
شیرین گیان
لە پەرتووکخانەی ئەڤینی
بمنێژن ..
لە .. زانکۆی .. جیهان

7/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
ئەڵێ .. فەرهاد گیان
من .. و .. تۆ .. بەدوانە
بووینە .. فرەیی ژیان
لە .. کوردستان

7/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
چاو .. شین
ئارەزووی بێ قین
خەرمانی .. دین
چاوەڕێتم .. پاش ژین

7/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
دەربەدەری دەروونی فەرهاد
شنەبای گوڵەباخی بەغداد
دەدۆزمەوە .. لەبن چەتری داد
دەبینە .. ووزە .. ڕەهێل .. بارانی زاد

7/10/2022



مامـۆستا ئەڵێ

شیرین .. و .. فەرهاد
داد .. لە شیرینی بێ داد
فەرهادیان کردە .. لباد
ئەی داد .. و .. بێ داد

7/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
لەسەر چیای .. شیرین
شیر دەخواتەوە

7/10/2022



مامـۆستا ئەڵێ

شیرین
شەوانی .. .شەپۆلە
ژوانی .. .شەو دۆلە
ناخی .. .ئاوی .. بەفری .. بێ خۆڵە

7/10/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ

شیرین
ئەڵێ .. ژان نەبێ بەچی بژیم
مان نەبێ بۆ بژیم
دان نەبێ چۆن بژیم
بژیم .. بژیم .. شیرین بژیم

7/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
بوونی .. دار سماق
فڕینی .. پەپولەی باڵ شکاو
نهێنی .. فەرهادی نەهاو
زەردەخەنەی .. میللەتی داماو
دەربەدەری .. .دڵ شکاو

7/10/2022
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
هەوێنی .. ماستی زستان
فەرهادی .. سەنگەسەری .. بەبێ سەر
دەرمانی .. دەروونی بێ دەروون

5/10/2022



مامـۆستا ئەڵێ

شیرین
لە شەو .. شاد .. ترە
لە خەو .. یاد .. پڕە
لە ئاو .. ئاوی .. پاکترە

5/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
خاوەن ... شیرە
فەرهاد .. میری .. میرە
فەرهاد .. و .. شیرین
شیری شیرە .. لە دەمی میرە؟!

5/10/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

شیرین .. و .. فەرهاد
دەم .. لە دەم ..
هەتا .. مردن
شیرین .. و .. فەرهاد

7/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین .. و .. فەرهاد
شیری .. شیرینی .. شیرین
بۆ .. منداڵانی فەرهاد
شەپۆلی ڕەهێڵی هێزە ؟؟؟

7/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
بەرزتر .. جوانتر
لە سەفین
هزرتر .. هێمنتر
لە ئەڤین ..
لە شیرین ..
شیرینتر

10/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
هەنگوینی . .
هەنگی چیای شیرین
لووتکەی بەرزی
رەوشتی دەربڕین
دووری دەریای
ژێر ئاوی زەمین
تۆ .. جوانی جوانانی
بەڵام .. کوردستان
زیاتر شیرین




10/10/2022

مامـۆستا ئـەڵێ

شیرین
ئەی .. شیرین ..
شیرینی .. شیرینەکان
شیرین .. بکەن ژیان
بۆ .. هەمووان ..

10/10/2022



مامـۆستا ئەڵێ

شیرین
شەکرە .. سێوی
چیای کوردستان
مەستە .. خورمای
هەناری .. هیران
شانە هەنگی .. .داری سێو
لە مژینی ترێ .. داری مێو
شیرینی لێ دەبارێ
گوڵاو .. دەکاتە ..
ناو .. ئاو ..

10/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

شیرین .. شانەی هەنگوین
هەنگوین شیری ژین
خۆشەویستی بابە
فەرهادی بەرد .. هەنگوین
ئاو بەرد بڕین
کورد پەروەرین
خاك رهەبەر
ئاودانە کوردستان
بە .. ئەفسانەی فەرهاد .. شیرین


15/4/2002



مامۆستا ئەڵێ

شیرین .. شاهانەی هەنگوین
هەنگوینی شیری ژین
خۆشەویستی .. بابە
فەرهادی بەرد .. هەڵگین
ئاو .. بەرد .. بڕین
کورد پەروەرین
کوردستان پەروەر
ئاوەدان کوردستان
ئەفسانەی فەرهاد .. شیرین


15/4/2005



مامۆستا ئەڵێ

شیرین
شیرینی .. شەکرە سێوە
دێرینی .. چیاو .. کێوە
هێمنی .. پەپوولەی مێوە
لە هاوسەری .. داری بە میوە

12/10/2022



بەشی پێنجەم

فرمێسك



مامۆستا ئەڵێ

ئەی فرمێسك
لە ئەڵماس روونتری
لە باران خاوێنتری ..
بشۆ ناخی چاوم
تا .. جوانتر بتبینم ....

29/1/2024



مامۆستا ئەڵێ

فرمێسکی .. خەم
خەم ئەکوڵێنێ
فرمێسکی .. کەیف
کەیف .. ئەدوێنێ

24/12/2023



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

فرمێسکی .. گریان
خەمی مێشك ئەشوا

24/1/2023



مامـۆستا ئـەڵـێ

کەم .. و .. زۆر
زۆری بێ بۆر
زۆری ووشك خۆر
فرمێسك .. نەما لە چاوی کۆر ..

24/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

جێم نییە ... تێر لێی بگریم
فرمێسکم بڕژێ .. وەك خینان
لافاوی .. چاوم
قوڵ ترە .. لە ڤۆلکانی ڤینیان

10_6_2010
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

شەپۆلی .. شەونم
شازادەی شەوم
دڵۆپەی خوناو
ئازادی خەوم
چی شەوم .. لە خەوم
نە .. خوناو .. لە شەوم

17/10/2022



مامـۆستا ئەڵێ

فرمێسکی ئافرەت
بۆ ناخی رەحمەت
هەموو ژانی
دەڕژێ ..

18/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

قورسی ژیانی ئافرەت
هێزی ئارامی .. تێدایە
خوڵقێنەر .. و خۆبەخشی پێی دایە
فرمێسکی .. پێ درایە

18/1/2022



مامـۆستا ئەڵێ

فرمێسکی .. خەرمانی
خۆبەخشیەتی
گازاندەی .. نەزانینیەتی

18/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

نییە لە فرمێسك لاوازی
نەدۆزرایتەوە هێزی
نەبیندراوە ڕێزی

19/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

فرمێسك .. ئاوی .. بەخێیە
دەریای .. ناو .. زێیە
پەخشانی .. چاو .. لە ڕێیە
ئاو .. ناوی .. چاو ..؟

19/1/2022



مامـۆستا ئەڵێ

فەرامۆشی پاڵەپەستۆی ژیان
بە ڕژاندنی دڵۆپە ژان
بەهرەی خودایە بۆ ژنان و پیاوان

19/1/2022
هەولێر



بەشی شەشەم
لەگەڵ خۆم ...



مامـۆستا ئەڵێ

خەونم .. خەواڵوو .. بوو
بە .. دەردی .. دەرونم خاو بوو
خەون .. و .. دەرد
جیا .. بوو

20/1/2024



مامـۆستا ئەڵێ

خەوم .. چوو
چووە .. خەونم

20/1/2024



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

له کوێی .. له کوێی
له ئاسمانی ..
یان له ژێر زەوی
له کوێی ..
بۆ نەهاتیه .. خەونم .. بۆ ..

14/1/2024



مامـۆستا ئەڵێ

مۆغان .. و .. ئۆغان
ماڵی پیری .. جاحێلم ڕۆ
جاحێلی پیرم .. ڕۆ
هەی ڕۆ ...
هەی ڕۆ ...
پیری مۆغانم .. ڕۆ

20/1/2024



مامۆستا ئەڵێ

له ئاستی مێشکم
پرسیار ... دەکەم
له بزربوونی .. رۆحم
وەڵام .. دەدەم
پرسیار .. و .. وەڵام
نادۆزێتەوە ... مێشکم

1/2/2024



مامـۆستا ئـەڵێ

لەبەر .. سبەی
دوێنێم .. لە بیرکرد
بەڵام ...
لەبەر دوێنێ ..
سبەینێیان .. لەبیرکرد .. !!؟

1/2/2024



مامۆستا ئەڵێ

ناتوانم .. بڵێم
چی ئەتوانم .. چی ناتوانم
بەڵام .. ئەزانم
چی ئەتوانم

7/2/2024



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ


من و .. منەکان
منیان لە یادی من
دەرهێنا ..
بەرد .. و .. لۆلۆ
لە دەریا ... و ... چیا
دەرهێنا



7/2/2024

مامـۆستا ئەڵێ

یەکەم .. بارانی پای
دەمم ئەکەمەوە ..
بۆ دڵۆپەی .. باران
قورگم .. پڕئەبێ
لە تیزاب
لەگەڵ سروشت
ئەبینە .. یەك



3/10/2023

مامۆستا ئەڵێ

هەر .. نەفەس دەدەم
دادی دوانی تۆی .. پێ دەدەم
هەر .. خەیاڵ دەکەم
خەونی خوماری تۆ ..
ئەگەر .. هەر کاتێك بتبینم
ئەتوێمەوە .. لەژێر عەزاب

23/2/2023



مامۆستا ئەڵێ

شەست ساڵ
رووومەتم پڕ کرد
ئێستا ..
دڵۆپە ...دڵۆپە ..
بەتاڵم کرد

6/12/2023



مامـۆستا ئـەڵێ


سبەی .. دێ .. نایەتەوە
بە هیچ .. نایەتەوە
دوێنێ .. چوو .. نایەتەوە
بە هیچ .. هیچ .. نایەتەوە
ئەمڕۆ .. هی منە .. با بمێنێتەوە
مان .. و .. نەمانی .. بمێنێتەوە

31/7/2023



مامۆستا ئەڵێ

ناتبینم .. ناتبینم ..
بە دیتنی .. دیتن .. ناتبینم
هەرگیز .. ئەتبینم ؟
لەناومی ..
بەڵام .. ناتبینم



29/5/2023

مامـۆستا ئەڵێ

هەندەك .. جار
بە .. یەك .. دوو
قەدەح ..
قەپاغی شەرمی مێشكم
ئەكەمەوە ..

8/11/2023



مامۆستا ئەڵێ

پەنجەم .. لە پێنجی
پەنجەم .. برا
ڕوخسارم .. لە ڕوخساری
ڕوخساران .. دڕا ..

8/11/2023



مامـۆستا ئەڵێ

دەستم .. لە دەست .. دا .. با
مەبەستم .. لە بەست .. دا .. با
دەست بەستم
لە مەبەستم .. گیر .. با
ئینجا ..نەئەبوومە
دەست بەست

16/3/2023



مامۆستا ئەڵێ

ئەمن .. ناتانم
ئیتر ئارام .. بم
ناتوانم بێ هەست بم
لاواز .. بم ..

22/11/2023



مامــۆستا ئەڵێ


لە کێی .. لە کێی
دەرمان ..
لە کێی .. خەرمان
ڕازیم .. لە خەونیش
بتبینم ..

13/12/2023



مامۆستا ئەڵێ

مام سۆفی
منیش هەستی مێشکم
لە سنوری توانای نیە
کە بروسکەی دەبروسکێنێ
گەوارەی بارانی دەبارێنێ
تیشکەکەی دەبینم
مام سۆفی ..



13/12/2023

مامـۆستا ئەڵێ


له چلەی بەهاره
هاوینم .. روونه
له وەرانی پەلکە مێو
پەسیرەم لێ .. دیاره ..

13/12/2023



مامـۆستا ئەڵێ

لە ژانتان .. ژوانم
بووە .. ژیان
دەربەدەری .. ناختانم
ناخم .. بووە .. دووان
یەك .. ئی .. ئێوە
ئەوەی تر .. ژیان



1/11/2023

مامۆستا ئەڵێ

سەرم .. سوڕما
لە سامانی سەرسام
سوێند .. نەما
سەرسامی نەکەم
سەری سوڕنەما ..
سەرم سوڕا ..
چاوم داخرا

13/12/2023



مامـۆسـتا ئـەڵـێ

سەیرە .. سەرما ..
سەری .. سوڕما ..
لە ساردی سوڕانی .. دەردما
سەرم .. سوڕما
لە سوڕانی .. سەرما



3/3/2023
هەولێر

مامۆستا ئەڵێ

خۆم .. بزر کرد ..
لە گەڕانم لە دوای تۆ ..
ژانم .. نەما
لە ڕێگای ژوانی تۆ ..

18/2/2023
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

جیاوازە .. جیاوازە
من جیاوازیم .. جیایە
لە جیاوازی .. جیاواز

13/4/2023



مامۆستا ئەڵێ


جادە .. پڕ دەنگ
و .. سەهەند بوو
کاتی .. ئێوارە
سەرسام .. ئەڕۆم
خۆم .. و تەلەفۆنم
لە بیابانی .. و .. زەریای
داتای .. زانین ..
ئەڕۆیشتم .. بە تەنیا
لەگەڵمە .. هەموو .. دوونیا ..

11/6/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ

پارچەکانم .. لەت لەت بووە
پینەی دەکەم
دەیدوورم ...
هەڵدەوەشێتەوە
پێویستە پارچە .. پارچە ..
نەبم ..
هەتا .. هەڵنەوەشێتەوە ...



11/6/2022

مامۆستا ئەڵێ

من .. ئەو ئەرکەم
ئاسن ئەچێنم
باران ئەدوورم
بۆ .. روون کردنی
مافی مرۆڤ


21/3/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ

تەماشای دوو
منداڵم ئەکرد
تەماشای
دونیایان ئەکرد
تەماشایانم ئەکرد
دونیام ئەدیت ..

23/12/2022



مامـۆستا ئـەڵێ

هەلقولاوم ..
لە ئازاری دەربەدەری
نەخشە کێشراوم

7/2/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

نامەوێ .. فکر بکەم
فکرم تەنیا بۆ فکرەکانیان دەردەبڕی
بەڵام .. بەبێ لغاو
مێشکم کاری خۆی بکات
شتی نەدۆزراو
دێنێتە ئاسۆ
شاردراوەی مێشکەکان

20/12/2022



مامۆستا ئەڵێ

خۆزگە ...
بەو ژانەی هەیتم
لێی پرسیم
بۆچی هەڵی ئەگری
نەبوو وەڵامم ..!

8/6/2022



مامـۆستا ئەڵێ

بەڕەڵام .. کەن
لە خۆم .. و .. خۆمەکانم
لە خۆتان .. و .. خۆوەکانتان
بەڕەڵام .. کەن
خۆم .. بدۆزمەوە ..!

14/1/2022



مامۆستا ئەڵێ

پێ .. بە .. پێ
ئەرۆم بە بێ پێڵاو
سەرم قوت بە بێ کڵاو
سەرم .. و.. پێم
ڕووتن لە کڵاو
بۆیە بێ سەنگە
لە لام ... دراو

30/9/2021



مامـۆستا ئەڵێ

ڕۆژ .. ئاوا نابێ لێم
ئاواش بێ لێم
هەر ئەیبینم

15/2/2022
هەولێر



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

به .. تەنیا .. تەنیایی ..
تەنیاییم
ڕواند .. له ناخم
به .. جیا .. جیاییم
تەنیا کرد ..

26/7/2022



مامۆستا ئەڵێ

نایێتن .. بۆم .. نایێتن
پێی دەوەستم .. ناوەستم
تا سەنگی مێشکم تێدایە
دەتوانم دەوەستم ...!

9/10/2021



مامـۆستا ئەڵێ

سەد ساڵی دی
دیسان دێمەوە
هەڵدەستم هەستی وی
دووبارە دەچینەوە

1/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

مێشکم ... هەتا بە ئاگایە ئەنووسم
لە ... نووسینی ..
ئەنووم .. و ..ئەنووسم
لە پاش ڕاوەستانی
ئەوی نووسیتم ...
ئەنووسی ..!



11/9/2021

مامـۆستا ئەڵێ

که .. نووسین .. دەمنووسی
به هێزی تیشکی سین
ئەدۆزمەوه به هزری تیشکی خین
بەهێزی هزری دیتن
مێشکم ئەنووسی ژین

30/8/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

ئەوەی هەیتم ... با ببمە ئی ئێوە
ئێوەش ئی من ..؟!

27/12/2021



مامۆستا ئەڵێ


ئەمن .. ئی هەموان
هەموو .. نە .. ئیمن
بەش بەشم مەکەن
بۆ هەموومان
هەموو .. بەشمان ئەکا
و ... زیادە
ئاسوودە و هێمن .. و بەختیاری
لائیقی هەموو هەمووماني



13/12/2021

مامـۆستا ئەڵێ

کارتی سۆرم نەماوە
زەردم پێ ماوە
حەکەمی یاری سەری سوڕماوە
یاریزان
یان حەکەم
چی ..من..دەزانم
نە ... ئەوان



13/12/2021

مامـۆستا ئەڵێ


چی ... بڵێم
بەڵێنم .. داوە نەڵێم
ووتم ... لە ناو خۆم هەرایە
هەرائەکەم .. داوای بەندی خۆمە ؟!

13/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

دیواری مێشکم .. ڕووخا
لە نەزانی خۆم .. چەرخم
دام و .. دەزگام .. زووخا
لە نەبوونی ...
پلانی ..یەکەم..دووەم..نەبوو
ئێستا و داهاتووم لە بیر نەبوو
ڕوانگەی ئایندەم ..نەبوو
تەحلیلی خەتاکانی ڕابردوو ..
زستانم ..پاییز بوو
پاییزم ..هاوین
دەبایا.. زستانم بەهار بایە
لە ناوەندیان ..نەورۆز
ڕۆژی .. خۆر
21/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

شەرم .. لە خۆتان
کوردایەتیم ... تەمەنی باوکتان
نازانن .. چیە ئەرکتان
هەموو ئارەزووتان .. مافتان
لە سنووری ماف .. مافتان

2/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

خەونی .. نەوە
لە .. مزگەوتی بازاڕی هەولێر ..
مەلا .. هاشم .. مەلا ..
جزو .. ی .. تبارك .. و .. الحمد .. مان
دەرخ دەکرد ...
لە بەینی .. قوتابی .. و .. فەقێکان
پێمیان ئەووت تاقی .. و .. ئەزموون بوو ..
بنوسە محچچ + خجی (محچچخجی)
لێیانم ئەپرسی: ئاو لەچی پێکهاتووە
وهلاّمیان: ئەوە کاری خودایە
پێیان پێکەنیم .. چی ئەوان دەیانزانی
چی ئەمن



21/8/2021

مامۆستا ئەڵێ

خۆت .. لەگەڵ خۆت
خۆم .. لەگەڵ خۆم
چیت ئەوێ بیکە
چیم بوێ دەیکەم
خۆت .. لەگەڵ کۆمەڵ .. چی پێویستە ..
بیکە
خۆت لەگەڵ خوا .. چی چاکە .. بیکە
خۆت .. کۆمەڵ ..
بە ڕەزامەندی هەمووان .. بکە

18/10/2020



مامۆستا ئەڵێ

لە مێشکم بزربوو ...
کە بڵقی دا ... نوسیم

4/2/2019



مامـۆستا ئەڵێ

که .. لەگەڵ خۆم
دەبم ..
سەمای هەوری باران
لەناو خۆم .. دەنێژم

20/10/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ


که لەگەڵ خۆم
دەبم ..
خۆم .. و .. خەمەکان ..
دەبینە خۆم

20/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

که لەگەڵ خۆم
دەبم ..
بوونم ..
دەبێتە ؟؟
سامان
ئەڤینی .. بەبێ .. کۆتایی
بەبێ .. کۆتایی ..
هاتن .. بەبێ .. چوون



20/10/2022

مامۆستا ئەڵێ

ئێ منە ..
من .. ئێ .. کەونم
گەلاکسی ..
لە دەورەم دەسووڕێ
منیش ..
لە دەورەی گەلاکسی دەخولێم
دەسووڕێمەوە ..
خۆم بدۆزمەوە ...

20/10/2022



مامۆستا ئەڵێ

دەسوورڕێم .. دەخولێمەوە
لە دەروازەی خۆر ..
نوێژ .. دەکەم
لە ڕۆژهەلاتی .. ڕۆژ
دەبمە .. تیشکی خۆر
لەناو .. چاوی

20/10/2022



مامـۆستا ئەڵێ

دەسووتێم .. دەبمە هەڵم
لە ئاگری .. ڤۆلکانی ..
دووبارە .. دەبمەوە باران
بۆ .. گۆڕانی ئاگری

20/10/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ

چت خۆش ئەوێ
خۆم ..
خۆمی خەمەکان
خۆم ..
هەموو .. ژان .. ژیان
لەناو خۆم

23/5/2022



مامۆستا ئەڵێ

بەندی لاوازیم ..
بەند .. کە !
سەنگی سەنگم
پەسەند .. کە !

25/6/2022



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ


ئامادەم .. وەك مۆم
بسووتێم ..
وەك .. نان .. بخورێم
ببمە زیلی ..
چاندن

24/7/2022
هەولێر



مامـۆستا ئـەڵـێ

من .. ئەو دەنگەم
لەناو .. هەور
ئەبرووسکێنم
خاك ...
ئەلەرزێنم
بۆ .. ڕووناك کردنی
پیرۆزی ئافرەت ..



21/3/2022

بەشی حەوتەم

لەیلا



مامـۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلایەکەم .. لەیلای ئیسکانەکەم
چاوەکەی شینی ئاسمانە
ئاسمانەکەم خۆش ئەوێ
ڕەنگی چاوی لەیلایە

30/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلا .. چاوی ئازاد
زەردەخەنەی زاد
دۆزینەوەی داد
لەیلا .. لەیلای
وڵات ..

30/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. ئازا .. و .. ئازاد
خۆی بۆ عەشقی .. رواند
عەشقی بۆ ژیان .. چەسپاند
ئینجا .. بووە .. مەشخەڵ

30/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. گەلاڵە
لارو .. لەنجەی .. گولاڵە
پەلکە .. ڕێواسی .. هەلاڵە
هەتا ماوم ..!
لە خەیاڵم ... حەلاڵە

30/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. شەقڵاوە
پونگینەو .. هیرانی دەلاڵە
ئاوی بیری .. زولاڵە ..
عەشقی .. حەلاڵە

30/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. عەنکاوە
عارەقی سێ بارەی .. بێ گارە
رەوشتی .. خاوەن .. داوە
پێکەوە .. ژیان .. و ژوان
بەرچاوە ..

30/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. سەعدوناوە
ماڵ ڕووخاوە .. کەرپووچ ماوە
پاش پەنجا ساڵ ..
بۆ .. ماڵ ئاوا

30/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. جادەی ئیسکان
لە زستان .. لە باران
چاوەروانی ..
کوژاندن .. و .. پێ کردنی گڵۆپیماڵتان
منی کردە .. عاشقی کوردستان
ماڵئاوا .. پەریهان

30/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای مناهل
ئەڤینی بۆ کریستیان
بە شێوەی .. جاهل
بە شەپۆلی .. غافل
لێم .. ببورە .. مناهل

30/8/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

لەیلا
لەیلای .. دیداری ئیسکان
ئیلهامم .. دەرمانی دەردان
من .. و .. دەردم .. و .. دەرمانم
لە جادەی ئیسکان

30/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. قەڵا
بە دەردو .. بەڵا
لە قوژبنی .. دەرگا
نیو چاو .. ئەبووە .. وەلا

30/8/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ


لەیلا
لەیلای .. سەربانی سەربەنی قەڵا ..
ئاو .. ڕێژ
رایەخ .. بالیف .. نوێژ
لە سێبەری .. ئەستێرە و گەلاوێژ
بۆ عەشقی شەوانی درێژ ..

31/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. عاشقی ماران
ئەفسانەی .. شاماران
لە قەڵای هەولێر ..
بۆ ماردین .. مەردان
ئەفسانە .. بۆ عەشق
عەشق بووە ژەهری ماران



31/8/2022

مامۆستا ئەڵێ


لەیلا
لەیلای عەشقی بەندی
مەندان
ئەڵێ ئێوە ئەمرن .. ئەڕۆن
من ئەمرم .. و .. هەڵئەستم .. !
بە عەشقم .. عاشقان
ئەبینین ..

31/8/2022



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. دۆڵی کەسنەزان
دەم .. لەناو .. دەم
دەمم .. لەناو ئاوی دڵۆپە ..
دەمی .. ئامانجم
بەتامترە .. تەڕترە ..
ئاوی دڵۆپە .. وشك بوو
دەمم .. هێشتا .. تەڕە ..!



31/8/2022

مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای .. زوورگی کەسنەزان
رووناك .. رووناکی کرد شەوان
لە بەرزایی .. کەسنەزان

31/8/2022



مامـۆستا ئـەڵـێ


لەیلا
دەڵێ .. نازانم بەختیاری
چۆنە .. چۆن دروست دەکرێ
خەجێ .. و .. سیامەند
ئەفسانەیە .. یان .. پێیان نەکرێ

31/8/2022



مامـۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای سەعدوناوەی
کە لە دەرگا .. دەردەکەوی
دەستت لە پرچت هەڵدێتی
سەدان .. ئاواز .. بۆمن دێتی
شەو .. رۆژانم .. بە عەشق دەچێنی
بەڵام .. هەستم لەم سڵاوەم
نەبینێ ..




18/12/2022

مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

لەیلا
لەیلای .. جادەی ئیسکان
پاش پەنجا ساڵ ..
ووتی .. مەلای بێنە ..
ئاهی دڵم .. و .. دڵت دەربێنە ..
ووتم .. فریشتە .. بە
پەری

18/12/2022



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای ئیسکان
بە تاریکی شەو ..
لەبن باران
لە جادەی بێ خەو
لەبن ئاسمان
چاوەرێی .. ڕووناکی
گلۆپێك بووم
سێبەری بن پەردەی
بە خەیاڵێك بووم
پاش پەنجا ساڵ ..
گڵۆپەکەی .. ژوورتان
ڕووناك دەکا .. هەستەکانم ..
لەیلا ..
18/12/2022



مامـۆستا ئەڵێ

لەیلا ..
لەیلای قەڵا
دەرگای .. عەشق .. و .. سەما
فێرت کردم .. هەستی .. ما
بە نەبوونی .. وا ..!

18/12/2022



مامـۆستا ئەڵێ


لەیلا
لەیلای .. برینی شیرین
سڕینی .. هەستی .. چنین
چنین .. چاندنە
بۆ تیماری برین ..

18/12/2022



مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای کەندێناوە
لە جۆخین .. زبارە .. و .. درویێنە
شەو .. تاریك .. مانگ
دەست .. لێو .. بۆ بەرەو بانگ
کراسی لیمۆزیینی
خودایە ... نەمکەی
بەبێ مزگێنی ..



18/12/2022

مامۆستا ئەڵێ

لەیلا
لەیلای تەعجیل
ئارەزووەکان نەزانینی مستحیل
خەونم دیت .. بە خۆم
خەونم .. بەرد بارانی سجیل
عەشق .. بەرد بارانە
بە ئارەزووی رجال الدین

18/12/2022



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

لەیلای دڵ ڕفێن
بۆتە .. ئاواتی
ئاوازی .. سەفین

18/12/2022



بەشی هەشتەم

مانگ و ڕۆژ ...



مامـۆستا ئەڵێ

شەو .. و .. ڕۆژ
خۆر .. و .. مانگ
ئەرز .. و .. ئاسمان
بۆ .. ژیانە
ژیانیش .. هی منە

4/8/2020



مامۆستا ئەڵێ

مانگ .. ڕۆژ
لێم بکەوە .. کەلەبچە
تۆی ئازادیم ..

24/7/2022



مامـۆستا ئەڵێ

ڕۆژم .. لێ هەڵات
مانگم .. لێ دەرهات
جوانە .. مەرگی .. ناخم
نەبووە .. دەسەڵات

24/7/2022
هەولێر



مامۆستا ئەڵێ

مانگ .. لە ڕۆژ
لێم تۆرا ..
ڕۆژ .. لە ڕۆژ
لێم .. سووڕا
مانگ .. و .. ڕۆژ
تۆرانی .. سووڕانە

24/7/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

مانگ .. تیشکی
نەما .. و ڕەنگی
دەر کرد

24/7/2022



بەشی نۆیەم

هیچ



مـامـۆستـا ئـەڵـێ

هیچ .. نییە
هەتا .. بەشێکی ببێ
هیچی .. فەیلەسوفان
جوێتی بنێشتە
مژینی قەمیشە
ئەتوانی خۆراك بچێنیت
ڕۆژ بەکاری بهێنیت
مێشك بەڕاستی بڕوێنن
ئینجا .. ئەزانن
هیچ .. مانای .. نیە
بۆ سەرسامی .. ئەیلەرزێنن



18/10/2020

مامۆستا ئەڵێ

ئەمرۆ .. چیمبۆ نایێ
نەهاتنیش .. نابێ
نایێ .. نایێ .. نایێ
بۆچی .. نایێ .. ؟!

18/10/2020



مامۆستا ئەڵێ


بوون .. و .. نەبوون
ئاواتێکی ڕێژەییە .

4/8/2020



مامۆستا ئەڵێ

هیچەوان .. هیچیان نەچاند
دەستیان .. بە ئاو نەگەیاند
هیچەکان .. هیچیان ڕواند
لە سەر بەرماڵی ئارەزوویان
بە ناوی خۆیان سەپاند
تا ڕادەیەك هیچیان ڕواند
بەڵام ئاوەدانی مێشك و زانست
هیچیان لە هیچ بڕاند ..؟!



18/10/2020

مامۆستا ئەڵێ

فەلسەفەی فکری هیچ
لە هیچ نەهاتووە
بوون و نەبوون [+..و.. –]
سفری .. لێ پێکهاتووە
سفر ... هیچ ... نییە
هیچیش ... سفر نییە
فکری فەلسەفەی لێ هەڵهاتووە



30/10/2020

مامـۆستا ئەڵێ

هیچمان .. نابین .. بە هیچ
هەتا .. مرۆڤی کوردستانی
پەروەردە نەکەین ..

27/6/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

هیچمان .. ناکاتە .. هیچ
هەتا .. کۆمەڵی کوردستانی
و تاکی مرۆڤی ..
نەبێتە .. خاوەنی خۆی

27/6/2022



مامـۆستا ئەڵێ


هیچ .. بە هیچ
دەبێ .. بە هیچ
بە هەنجەتی .. قیچ
بەرەی ..
دامەزراندنی دروست کردن ..

27/6/2022



مامـۆستا ئەڵێ

به . هیچ ..
نابی به هیچ
به ژان .. و کۆچ
رازی ئەبی ..
به قیچ
له .. وڵاتمان
هەموو شت زۆرتره
له هیچ ..
دروست که ..
پیچ .. پیچ ..



27/6/2022

مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

هیچ .. بە .. هیچ
کارەساتی .. دوو قیچ
ژیان .. ئەبا ..
بۆ هیچ
دانانی ..
قیچ .. لەسەر قیچ
دەفەوتێنی ..
هیچ ..



27/6/2022

مامـۆستـا ئـەڵـێ


من .. هاتم ..
مامۆستای ڕۆمی
لە هیچ .. ی .. تۆ ..
من .. بوومە .. قیچ ..
قیچ و .. قیچەکان ..
ئەبنە .. بەختیاری ژیان
هەتا .. لە ناو .. ژان



27/6/2022

مامـۆستا ئەڵێ

من .. چووم
مامۆستام .. مامی رۆمی
له .. هیچ .. ی .. تۆ
پەرژینی خۆشەویستی هیچم
پەرژین کرد ..
چووینه .. بەر سەمای .. ڕەشماڵی
خۆشی ژان .. ژوان
بوونه .. بەرماڵ



27/6/2022

مامـۆستا ئـەڵـێ

هیچی .. تێدا نییە .. هیچ
سەیرە .. سەیرکە
هیچیان .. نەبووە .. بە هیچ
منیش .. لەگەڵ تۆ ..
مەولانا ..
هیچمان .. بەجێ هێشتووە
لە هیچ



27/6/2022

مامۆستا ئەڵێ

هیچ .. و .. گێچ ..
گێچ .. لە لەشی هیچ ئەلەشێنێ
گێچ .. و .. هیچ ..
ئەخنکێنێ ..
سەمای .. سەفای هیچ
ئەروێنێ ..

27/6/2022



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

نابێ .. نابێ
هەتا .. نەبوون هەبێ
هەبوون .. نابێ

14/8/2022



بەشی دەیەم

باوك



مامـۆستا ئەڵێ

زەردەخەنەی باوك
بۆ .. تووڕەییە ...
بپرسن .. لە دایکم ..
بپرسن .. لە خێزانم
بپرسن لە منداڵەکانم
بپرسن ... لە قورسی ژیانم

20/6/2021



مامــۆستا ئەڵێ

لە جەژنی ڕۆژی .. باوك
ساڵی 2021 باوکی 73 ساڵ
قورسای ژیانی لە شانە

20/6/2021



مامۆستا ئەڵێ


باوکم .. لە خەونم
پێی ووتم ..
جەژنی باوکان بەناو .. نەبوو
بەڵام .. هەموو کات
هەستی باوکایەتیم
جەژن .. بوو
بەڵام .. ئێوە ئەیکەن
بەبێ .. ئەوەی
هەستی .. پێ بکەن



20/6/2021

مامـۆستا ئەڵێ


باوکم ... گرێیەکی بەست
لە دەماری خوێنم
دەریا .. بووە خەست
ئێستا سەختی باوکم
کردە ... هەست ..
خۆزگە .. نەوەکانی
ئەبنە .. دوو دەست



20/6/2021

مامۆستا ئەڵێ

بابە گیان.. کاکە ..
باری من .. سووك مەکە
ژانی من .. تیمار مەکە
خەونی من .. دیار مەکە
با .. بفڕم .. بە باڵم
کە خۆم .. کردیتم
حاڵم .. ماڵم ..
کاکە .. گیان ..
چاوت ماڵم



1/10/2021

مامـۆستا ئەڵێ

کاکە .. گیان
ماڵم .. حاڵم
ڕواندنی .. چاوی داڵتم
دواندنم .. بێ دەنگی کاڵتم
هەناسەم ... عەشقی باوتم
کاکە ... گیان
توو خودا...



6/10/2021

مامۆستا ئەڵێ

کاکە گیان..
کاتێ ژیانت دا
ژانت بەردا

6/10/2021



مامـۆستا ئـەڵێ

کاکە .. گیان
دایە ئەڵێ
ئاگاتان .. لە بابتان بێ
کاکە ئەڵێ
دایکتان .. فریشتەی خودایە
با .. ئاگای لێتان بێ

6/10/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

دایکە .. و باوکە
پیتی .. خاکە
ڕەوشتی .. چاکە
کاکە

10/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

کاکە .. حاجی یحیی
ساڵیادی کۆچت .. پیرۆزە
یادی مانت نەورۆزە
سۆزە ..

17/5/2022



مامـۆستا ئەڵێ

بڕوا .. بکەن
کە چیای .. سەکران دەبینم
وا دەزانم ..
حاجی بابم .. لە قەبری هەستاوە

18/6/2022



بەشی یازدەم و کۆتایی

هەڵبژاردە



مامۆستا ئەڵێ

ئەوەی هەی .. بێ ..
ئەوەی نەی .. بێ ..
هەبوون ... نەبوون
سووڕانی ..
سەر سووڕانی سووڕانە ..

31/5/2021



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

ئەتبینم .. لەوێ
لێرە ... لەوێ
هەتادێ ... ڕۆژمێ
لێرەو ... لەوێ

28/8/2021



مامۆستا ئەڵێ

سارد .. و .. گەرم
لام بوونە بە نەرم

30/8/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

سات .. و .. کات
میقاتی .. دەقی سەقەت
نە سات .. کاتە
نە کات .. ساتە
بکەی دیقەت

5/5/2021



مامۆستا ئەڵێ

ناکەس ... بەکەس
کەسی دەست بەکەس ..
بوینە ڕێوی ...
لە پێستی سەگی پاسەوان

5/5/2021



مامۆستا ئەڵێ

سەگی پاسەوان
پاسەوانی شوان
شوانی ... ئاغایان
ئاغای ... پاشایان
پاشای هێزو..سامان
بۆ هەڵمژینی دەست بەسەران

5/5/2021



مامۆستا ئەڵێ

مەژی بۆ رابردوو
بازدە بۆ داهاتوو..

7/5/2021



مامـۆستا ئەڵێ

ئاشتی وان... بن
کەشتی وان ...بن
گشتی وان ... بن
سەرپەرشتی وان ... بن

18/5/2021



مامـۆستا ئەڵێ

هەموو شت بدەی
بەتاك .. کۆمەڵ
هەروەك
هەموو شتی لێ وەردەگری
خۆشی خۆی
دروست .. دەکا ..!

18/5/2021



مامۆستا ئەڵێ

سەر سوڕمانم ...
سەری سووڕا ..
سوڕان لە دژایەتی ..
سەری سووڕا..
هەروەك...
سووڕانی تیشکی سور
تیشکەکانی دیکە قوت دەدا

15/9/2021



مامـۆستا ئـەڵـێ

ژەهری دوێنێم
بۆ ڕابردوو .. ئەهێڵم
شیرینی .. ئەمڕۆ
ئێستا .. ئەنۆشم
خەیاڵی .. بەیانی
ئەمڕۆ ..تێدەکۆشم

2/12/2021



مـامـۆسـتـا ئـەڵێ

سەرووی .. دەرمان
دەردو .. دەرمانی
دەردمان ..
چ ..دەرمان ..
چمان ... ماوە ..

2/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

ئەگەر .. زامی
بن کەوتوو
زامی .. لێ هەڵواسی
بزانە .. دەردی
دەرمان .. بزرە

2/12/2021



مامۆستا ئەڵێ


دوێنێ .. دوو دوێنێ
دوانی .. دوێنێ کرد
ئەمڕۆ .. ئێستای
دوێنێی سازکرد
چی .. من بوومە
دوێنێ
نە دوێنێ بووە
ئەمڕۆ..
ساریژ .. مەکەن برینم ..
ناتوانم .. ناتوانم



2/12/2021

مامـۆستا ئەڵێ

ساردم .. کەنەوە
ساردم .. کەنەوە
بە ئاگر
ساردم کەنەوە
ئاگر ..
سارد ئەکەمەوە ..
ساردی و تەزین
هەڵم و کوڵان..
سازگاری گۆڕین
هزری وزەیە
ئەیکەم .. ئەمکەن
هەموومان لە هەموو
هێمن ترین .. مەزنترین
4/9/2021



مامـۆسـتا ئـەڵـێ

ژیان .. ژانی
ژوانە
ژوان .. ژیری
ژیانە

4/9/2021
هەولێر



مامـۆستا ئەڵێ

سەردەمێك بوو
سەر..و..دەمم
شێوا .. بوو
دەمم .. لە سەرم
تۆرا .. بوو
سەرم .. لە دەمم
شوورا..بوو
نەم دەزانی
سەرم.. ئی دەممە
دەمم ..ئی سەرمە
هەتا .. زانیم
هێز یان .. برا .. بوو



1/10/2021

مامـۆستا ئـەڵێ

چاکەی .. نا .. بەجێ
نابێ .. جێ .. بەجێ

29/10/2021



مامۆستا ئەڵێ

زۆربەتان ... زۆرن
جۆرتان .. جۆراو جۆرن
زۆری زۆرتان
بە بێ جۆرن

2/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

ئێوە قەرارتان
قەراری ئێمە نەبوو
ئێوە زستانتان
هاوینی ئێمە نەبوو
قەراری زستان و هاوین
لە لای ئێمە نەبوو

3/11/2021



مامۆستا ئەڵێ

بۆ هەوری ناو ئاسمان ناردم
ئاخافتنەکانم .. وێنەکانم .. ئارەزووەکانم
من ئەنووسم .. ئارەزووکانم
چارەی چارەنووسەکانم تۆمار ئەکەم
بۆ مرۆڤ ..
دەسەڵات ... داوا ئەکەم



10/11/2021

مامـۆستا ئـەڵێ

لەسەر تۆقی سەری بێ چاوم
بە چاوی ئاسمان
ئاسمان ئەبینم
بە دڵی دڵبەر
بە سۆزی ئەو
مرۆڤ ئەبینم
لە تۆقی سەرم
هەتا بن نینۆکی پەنجەم
خۆم لە خولْقاندنی ئەبینم



21/11/2021

مـامـۆسـتـا ئـەڵـێ

سووتا
چاوم نەیدیت
لووتم بۆنی کرد
پێستم هەستی
سووتانی کرد
بەڵام خەونی نەدیت



21/11/2021

مامۆستا ئەڵێ

بۆ فرید بلال .. لە ڕۆژی فۆتۆگرافی
ڕەش ..و..سپی
خۆزگا .. بما .. بای
با .. ڕەش و سپی
نەما .. بای

6/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

له چاوی دڵۆپە دڵۆپە
بریقەی فرمێسکی گڵۆپە
تێکەڵە بە کلی ڕەشی
بینینی وەستاوە
لە کەنار لووتی
بە ئەنگوستی دەستی
لافاوی ڕومەتی
ڕووی بووە تابلۆی مەینەتی



26/12/2021

مامۆستا ئەڵێ

سەمای .. سیمبولی
بە بای نەسیمی شەفەقی
نیەتی شەرم و تەمبەڵی
بۆ .. ئێمە هەمانبێ
بۆ سەما .. تەمبەڵی ؟!

26/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

پەپوولە ... لە جیاتی
پێ .. بێ .. پولە
خۆڵە .. خۆڵە
ئەبێتە هاوکاری
گوڵ و میوە و دانەوێڵە

26/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

دانەوێڵەی پاوانی پاییز
ڕزقی مەڕ و مێروولە
دامەزراندنە
لە سەر دامەزراندن
تەواوی هێڵی هێزەکانت
دامەزراندنەکانت .. دادەمەزرێنێ

26/12/2021



مامـۆستـا ئـەڵـێ

هێزی ... نەزان
کۆنابێتەوە
کۆش بێ
هەڵدەوەرێ

27/12/2021



مامۆستا ئەڵێ

دەفرۆشیت .. دەفرۆشین
جار .. بەجار خوێن ئەڕژێنین
هەتا .. بفرۆشرێت
فرۆشیار .. خۆمانین
کڕیار .. نازانین

27/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

ساڵی 2022
بەخێر بێ
چوار فەسڵ بێ
12 مانگ بێ
ساڵت ... ساڵ بێ

30/12/2021



مامـۆسـتـا ئـەڵـێ

گەردەلوولە .. لوولەی با
بای دێ .. و دەبا
گەردەلوولە .. گەردەلوولەی ڕۆژ
زەمین دەسوڕێنێ و دەی با
ئێمەش .. گەردەلوولەین
ئەپچڕێنین ئەیسوڕێنین
ئێمەش لەشمان و مێشکمان
گەردەلوولەی سارد .. گەرمی تێدایە

3/10/2021



مامۆستا ئەڵێ

له ژێر زەوییەکانه .. زەوییەکەم
له سەر ئاسمانەکانه .. ئاسمانەکەم
ئاسمانەکانیان .. ئاسمانه
زەوییەکەم .. زەوی یانه
من .. هی وانم
ئەوانیش هی منن ؟!

9/10/2021



مامـۆستا ئەڵێ

تەنها .. تەنانەتی سووتاوە
سووتاندن ئەبزوێنێ
بزوتنەوەی سووتاندن
ساردی ئەتەزێنێ

25/10/2021



مامۆستا ئەڵێ

گەڕەك .. و .. سی مریشك
کۆچیان کرد ..
مریشك
باریان کرد ..
وتیان بفرە ... کەرە
کەر .. ووتی
ئای کەرە ...
مریشك باڵ دەگری
یان .. کەرە ... ؟!؟!



19/12/2021

مامۆستا ئەڵێ

بێ سەرو .. شوێن
ماوە ... دەردم
با ... بیپارێزین ...
ئایا بێ دەرد .. تەندروستی
چۆنە؟!

18/12/2021



مامۆستا ئەڵێ


شیری دایکی ژەهراوی
هەنگوینی هەنگی مرواری
ئاوی بارانی ژەنگاوی
سێ کوژەی شەیتانی
نەخێر .. نییە لە ئاسایی

12/12/2021



مامـۆستا ئەڵێ

ئەوی لەحکومەت .. کار ئەکا
ئیش ناکا ..
ئەگەر ... ئیش بکا
بۆ .. خۆی ئەکا..
ئەمەیە .. سیستەمی
پەیوەندی حکومەت ... میللەت
لەسەربەستی بەرەڵایی



10/12/2021



ژیاننامە

د. نەوزاد یەحیا سعید خدر ئەلیاس محەمەد باجگر

1- لەرۆژی ٢٨ شوباتی ساڵی ١٩٤٨ی زاینی لە هەولێر لەدایکبووە.
2- باوکی یەحیا سەعید باجگرە و دایکی مەکییە ئەحمەد سەمەد سەعدولڵایە، سێ براو و چوار خوشکی هەیە.
3- قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی فەیسەڵییە و دواتر لە ئەربیل ئولا ئیبن خەلەکان بە زمانی کوردی تەواوکردووە، مامۆستایان ناسح داود لە (حیساب) بیرکاری و فوئاد موعەلیم لەوێنەکێشان یەکەمین مامۆستای ئە و قۆناغەی بوون.
4-قۆناغی ناوەندی لە دواناوەندی هەولێر خوێندووە و مامۆستا(مەکی) یەکەمین مامۆستایی خوێندنی ناوەندییەتی.
5- قۆناغی دواناوەندی، لە دواناوەندی هەولێر تەواوکردووە، مامۆستا خەلیل عەبدوڵلا یەکەمین مامۆستای ئەو قۆناغەی بوو.
6- لەپایزی ساڵی ١٩٦٧ لەکۆلێژی پزیشکی . زانکۆی موسڵ وەردەگیرێت.
7- ساڵی ١٩٧٤.١٩٧٣ خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات و دەبێتە پزیشك.
8- ساڵی ١٩٧٥.١٩٧٤ دەبێتە پزیشکی نیشتەجێ و پاشان سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێ.
9- ئەندامی بەشداری یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە لەبەغدا ساڵی ١٩٧٠-١٩٧١
10- لەساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ راژەی سەربازی ئیلزامی دەیگرێتەوە و لە شار و شارۆچکەکانی (زاخۆ،
هەولێر، رواندز) وەك پزیشکی سەربازی دەست بەکاردەکات.
11- ساڵی ١٩٧٦.١٩٧٧ وەك پزیشك لەگوندو ئاوایییەکانی ناوچەی گەڵاڵە خۆشترین ساتەکانی ژیان بەسەردەبات.

12- وەك پزیشكی پسپۆری گشتیی لە مستەوسەفی سێتاقان لەهەولێر دادەمەزرێ.
13- دەبێتە پزیشكی ئێمرجنسی لەنەخۆشخانەی كۆماری لە هەولێر.
14- دەبێتە پزیشكی راهێنەر لە نەشتەرگەری دڵ و سینگ و بۆڕییەكانی خوێن و پاشان نۆرینگەی تایبەتی ئێواران دەكاتەوە.
15- یەكەمین سەنتەری نەشتەرگەری دڵ و سینگ و بۆڕییەكانی خوێن لەكوردستان و لە هەولێر دادەمەزرێنێ، لەگەڵ د. ولێد خالد لەنەخۆشخانەی هەولێر ساڵی ١٩٨٢.
16- لەوەزارەتی تەندروستییەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا . كۆلێژی پزیشكی زانكۆی سەلاحەدیین.
17- راهێنانی نەشتەرگەری دڵ وسیینگ لە - مدینة الطب - لەبەغدا ئەنجام دەدات لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا یوسف نعمان ساڵی ١٩٨٣ و لێكۆڵینەوە لە پسپۆری نەشتەرگەری دڵ و سینگ ساڵی ١٩٨٧.١٩٨٣ ، زانكۆی بەغدا – مدینة الطب، لە نهۆمی نۆیەم، دوو ساڵی لێكۆڵینەوەیی و راهێنان لەوێ تەواو دەكات.
18- دوای تەواوكردنی خوێندنی باڵا لە - مدینة الطب، كۆلێژی پزیشكی زانكۆی بەغدا لەتشرینی یەكەم ساڵی ١٩٨٧ دبلۆمی باڵای نەشتەرگەری دل و سینگ و بۆڕییەكانی خوێن وەردەگرێت.
19- دەگەرێتەوە شاری هەولێر وەك پزیشكی پسپۆری نەشتەرگەری دڵ وسینگ لە كۆلێزی پزیشكی زانكۆی سەلاحەددین دەست بە كاردەبێت.
20- وەك پزیشكی پسپۆر لە نەخۆشخانەی (رزگاری) لە هەولێر لە ساڵانی ١٩٨٧- ١٩٨٨ دەست بەكار دەبێت.

21- ساڵی ١٩٨٨. ١٩٩٦ دەگوازرێتەوە بۆ كۆلێژی پزیشكی زانكۆی موستەنسەرییە، نەخۆشخانەی یەرموك، عیادەی پزیشكی تایبەتی خۆی لە بەغدا شەقامی مشەجەر، باڵاخانەی باقر ئەلباقر دەكاتەوە.
22- ساڵی 1996 ئەچێ بۆ توركیا و مێرسین.
23-پرۆسەی هونەری شێوەكاری لە خانوی تایبەتی . ژوری وێنەكێشانی خۆی لە كۆمەڵگای سولی لە لێواری دەریای ناوەڕاست دەسپێكردوە.
لەبواری هونەری تەشكیلی (٢٢٠) تابلۆی هونەری تەشكیلی كێشاوە.
لەبواری شعریشدا چەندین شیعری ئازادی كوردی و عەرەبی نووسیوە.
24- ساڵێ ٢٠٠٣ دەگەرێتەوە زێدی باب و باپیران لە شاری هەولێر، چالاكییە خزمەتگوزاری و بازرگانی و زانین و زانستییەكانی پەرەپێدەدات، لە تەواوی شارەكانی كوردستان و عێراق دا چالاكانە خزمەتگوزارییە زانسستیی و بازرگانییەكانی گەشە دەكەن.
25- بەشداری دەكات لە پرۆسەی بوژاندنەوەی ئابوری و وەبەرهێنان لە كوردستان و عێراقدا.
26- چەندین كۆمپانییای جیهانی لە دوبەی، مێرسین، عێراق، سریلانكا و بەریتانیا دادەمەزرێنێ.
27- ساڵی ٢٠٠٧ زانكۆی جیهان . هەولێر دادەمەزرێنێ.
28- سالی ٢٠٠٩ بانكی جیهان بۆ وەبەرهێنان لە عێراق دادەمەزرێنی.
29- قوتابخانەی جیهان بۆ سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دادەمەزرێنێ.
30- سەرۆكی ئەنجومەنی جیهان . بۆ ئاوەدانكردنەوەیە.
31- سەرۆكی ئەنجومەنی كارگێری خێرخوازی حاجی یەحیایە.
32- دامەزرێنەری ئێزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی جیهانە لە هەولێر لە ساڵی 2008
33- دامەزرێنەری یانەی وەرزشی جیهانە لەساڵی 2010 .
34- دامەزرێنەری زانكۆی (جیهان . سلێمانی)یە لە ساڵی 2011.
35- دامەزرێنەری زانكۆی (جیهان . دهۆك)ە لەساڵی 2013.

36- دامەزرێنەری مەڵبەندی راوێژکاری و توێژینەوەی زانستیی و یاسایی جینۆسایدە.
37- ئەندامی کۆمەڵەی جیهانییە بۆ نەشتەرگەری دڵ.
38- ئەندامی کۆمەڵەی ئاسیاییە بۆ نەشتەرگەریی دڵ.
39-ئەندامی ئەنجومەنی پزیشکان، رۆژنامەنووسان،ژووری بازرگانییە.
40- دامەزرێنەری کۆمەڵەی دۆستایەتیی گیانەوەرانە.
41- دامەزرێنەری کۆمەڵەی پاراستنی ژینگەیە.
42- لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستانە.
43- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری زانکۆی جیهانە.
44- سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریەتی زانکۆکانی جیهانە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) و پەیمانگاو قوتابخانەکانی جیهانە لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) و هەروەها زانکۆی باباگورگور لە کەرکوك.
45-سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریەتی زانکۆی(ئەربیلی نێودەوڵەتی) یە.
46- دەمەزرێنەری (ئەکادیمیای جیهان)ە بۆ پەرەپێدان و فێرکردنی پیشەیی.
47- (کۆلێژی قەلا بۆ دیراساتی ئاینی) لە ساڵی ٢٠١٨ دادەمەزرێنێت.
48- ئەندامی رێکخراوی ئاشتی جیهانییە، رۆژی (14/6/2016) دەبێتە باڵیۆزی ئاشتی جیهانی لە کۆنگرەی ئاشتی جیهانی کە لە تونس بەسترا.
49-تا ئێستا خاوەنی (52) کتێبی چاپکراوە، لەوانە :(ووشە دەچێنم، ازرع الكلمات، في الله،ليلى، زكاة العلم، الموت، پێشمەرگە،ئەتڵەسی کوردستان (چاپی دووەم)، شارو شارۆچکەکانی کوردستانی باشور لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا (18بەرگ)، الالبوم فن التشكيلي، زنجيرە پەرتوکی مامۆستا ئەڵێ(9بەرگ)، يقول المعلم(12بەرگ)، زنجیرە کتێبی هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عێراقدا ....

50- چەندین کتێبی تازەی ئامادەیە بۆ چاپ ....
51-خاوەنی ئیمتیازی چەندین گۆڤارە لەوانە (کوردستان لە بەڵگەنامەکاندا.زمانەوانی.....)
52-دامەزرێنەری دەزگای زەکاتی زانستە.
53-دامەزرێنەری سەنتەری AI لە زانکۆکانی جیهان و زانکۆی باباگورگور زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی و کۆلێژی قەڵا و پەیمانگە و قوتابخانەکانی جیهان.
54- پرۆژە ئایندەییەکانی بریتین لەمانە:-
1 - دامەزراندنی تۆڕی زانکۆکانی نێودەوڵەتی International ((Network of Universities
بە مەبەستی بوژاندنەوە و پەرەپێدانی زانست و زانیاری لە نێو گەلاندا.
2 - کردنەوەی زانکۆ لەشارە گەورەکانی عێراق و کوردستان.
3 - خوێندنی مافی منداڵان و ئافرەتان لەقوتابخانەو زانکۆکاندا.
4 - بڵاوکردنەوەی پرۆژەی نا بۆ توندووتیژی خێزان، ئافرەتان، منداڵان.
5 - دامەزراندنی نەخۆشخانەی فێرکاری جیهان و پاشان کردنەوەی کۆلێژی پزیشکی و دەرمانسازی و پەرستیارییە.

بڕوام وایە (تەنیا چارە ... زانین و کارە)
"The only solution is education"

پزیشکی ڕاوێژکارییە، هونەرمەندی تەشکیلییە، شاعیرو بزنسمانە.